# تۆپە رۆبۆتەکەی ئێل جی

لەم دوو ساڵەی دواییدا زۆربەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری ئامێری دیجیتالی هەوڵیانداوە خۆیان لە بواری دروستکردنی رۆبۆتیشدا تاقی بکەنەوە، یەکێك لەم کۆمپانیا ناسراوانە کۆمپانیای LGیە، لەم ساڵدا رۆبۆتی Rolling botی بەرهەم هێناوە، رۆبۆتەکە ئەرکی سەرنج راکێش ئەنجام دەدات، ئاگاداری ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە دەبێت، وەك سپیلت و موبەریدە هەڵدەکات، یاری لەگەڵ گیاندارەکانی ماڵەوە دەکات. هەروەها لە رێگەی وای-فایەوە لەگەڵ مۆبایل لە پەیوەندی دادەبێت و ئەرکی وەڵامدانەوە و بیرهێنانەوەی پەیوەندییەکان بە ئەستۆ دەگرێت..
ئەگەر کەس لەماڵەوە نەبێت وەك کامێرایەکی چاودێری ئاگاداری ماڵەوە دەبێت و لە هەر شوێنێك لە ماڵدا وێنە دەگرێت، چونکە شێوەکەشی وەك تۆپێك دەچێت بەئاسانی دەتوانی گشت کەلێن و قوژبنێکی ماڵەوە بکات.



# پایسکلی ئەلکترۆنی هۆشمەند



پایسکل بە یەکێك لە گرنگترین ئامێرە ژینگە پارێزەکان دادەنرێت، کە هەم ژینگە پیس ناکات و هەم تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەپارێزێت... لەسەردەمی دیجیتالیدا پایسکیلی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەوانیش هۆشمەند بوونە و هەندێکیشیان ئەلکترۆنین و ئەوکاتەی بەکارهێنەر ماندوو دەبێت وزەی پێویستی هەیە بۆ ئەوەی نەوەستێت و درێژە بە رێگارۆیشتن بدات.
کۆمپانیای (شیائومی) پایسکیلێکی بەرهەم هێناوە کە دەنوشێتەوە و جێگایەکی ئەوتۆ ناگرێت، جگە لەوەش شەحن دەبێتەوە و لەکاتی پێویستدا دەتوانی بەکارهێنەرەکەی سوودی لێوەربگرێت.. پایسکیلی جۆری Mi QiCycle هێزی بەکارهێنەرەکەی هەڵدەسەنگێنێ و ئەگەر هەستی پێکرد کەم هێز بووە وزەی پێویست لە باتری شەحنکراوەکەی پێدەبەخشێ، باترییەکەی هەتا مەودای ٤٥ کیلۆمەتر شەحنی دانابەزێت بە خێرایی ٢٠ کیلۆمەتر لەکاتژمێردا.. سەرەڕای ئەوەش خۆی کۆمپیوتەرێکی بچووکی لەگەڵدایە کە توانای نیشاندانی خێرایی، نیشاندانی شەحنی باتری و مەودای رۆیشتوو نیشان دەدات، لەگەڵ ئەوانەش لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکەی و رێژەی چەوری سووتێندراویش نیشان دەدات...



## تەلەڤزیۆن بکە بە تەبلێت

گەر حەز دەکەی تەلەڤزیۆنە شاشە مەزنەکەی ماڵەوەت بکەی بە تەبلێتێکی لەمسی دەتوانی ئامێری wave touchjet بەکار بێنی، ئەو ئامێرە هەموو تەلەڤزیۆنێك دەکات بە تەبلێتێکی لەمسی.. ئامێرەکە وەك پایەیەك و بەهۆی کێبڵی HDMI بەتەلەڤزیۆن پەیوەند دەدرێ دەیکاتە بە تەبلێتێکی مەزن. لەگەڵ ئەوەشدا کامێرایەك و مایکێك هەیە بۆ چات کردن.. گرنگی ئامێرەکە لەوەدایە دەتوانی تەبلێتێکی زۆر مەزنت هەبێ و یاری و ئەپلکەیشنەکان بە گەورەتر ببینی..

## ئامێرێکی تایبەت بۆ وەرگێڕان

لەو چەند ساڵەی دواییدا گەلێك ئامێر بەرهەمهاتن و لەداهاتووشدا بەرهەم دێن کە ئەرکیان وەرگێڕانە، زۆربەی ئامێرەکان دوای بیستنی قسەکانی بەرامبەری دەست دەکەن بە وەرگێڕان، بەڵام ئامێرێکی تایبەتی وەرگێڕان بەرهەمهاتووە کە هاوکات لەگەڵ قسەکردن دەست دەکات بە وەرگێڕان.. ئامێری waverly labs کە لە وێنەکەدا دیارە ئامێرێکی بچووکە وەك هیدفۆنێك دەبێت بەکارهێنەر لەسەر گوێی دادەنێت، ئەو قسانەی لە دەوروبەر دەیبیستێ ڕاستەوخۆ وەریدەگێڕێ..

کارکردی ئامێرەکە بەم شێوەیە لەوکاتەدا گوێ دەداتە وتەکانی بەرامبەری هاوکات بە پرگرامێکی تایبەت کەلەسەر مۆبایل داندراوە لە پەیوەندی دایە و لەو ڕێگایەوە وەرگێڕانەکە وەردەگرێ و شەپۆلە دەنگییەکان دەکاتە دەق و جارێکی دیکە دەکرێنەوە بە دەنگ بۆ ئامێرەکە بەرێ دەکرێنەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، فایلەکانی (کوکی) cookie بە چ فایلێك دەگوترێن و ڕۆڵیان چییە؟**

خوێنەری ئازیز، فایلی cookie فایلی گرنگن لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، بۆ نموونە تۆ ئەدرەسی ئیمێل یان ئەدرەس و پاسۆوردی فەیسبووکەت لە وێبگەرەکەتدا خەزن دەبێت ئەمە فایلێکی کۆکییە، یانی هەموو جارێ پێویست ناکات سەرلەنوێ ئیمێلەکەت بنووسییەوە یان پەسۆردەکەی لێبدەیەوە.. یان جار هەیە فۆرمێك پڕ دەکەیەوە، بۆ جارەکانی دیکە پێویست ناکات سەرلەنوێ پڕی بکەیەوە بەڵکو لە فایلێکی کوکیدا خەزن دەبێت.. لەکاتی سڕینەوەی فایلەکاندا ئاگاداری فایلە کوکییەکان بە..

## هیدفۆنێکی وایەرلەیس سەرووی هەموو هیدفۆنێک

هیدفۆن پێشینەیەکی لەمێژینەی هەیە، بە داهاتنی سەردەمی دیجیتیالی گۆڕانکاری بەسەر هیدفۆنەکاندا هات، هیدفۆنیش بوون بە دیجیتالی. کارایی و ئەرکەکانیان زیاتر بوون. تایبەتمەندی گرنگیان پێوە زیاد بوو.

لەم دواییەدا سامسۆنگ جۆرێك لە هیدفۆنی بەرهەم هێناوە کە وایەرلەیسە و تەنانەت هی هەردوو گوێیەکانیش بە جیان و پێکەوە پەیوەندیان نییە. گرنگی هیدفۆنەکە لەوەدایە کە چاودێرێکی وردی چالاکییە وەرزشییەکانی بەکارهێنەرەکەی دەکات.

هیدفۆنی جۆری Gear IconX جگە لەوەی لەگەڵ ئامێرە ئەلکترۆنییەکان پەیوەند دەدرێت خۆشی میمۆری ٤ گیگابایتی لەسەرە. کێشی هەر لایەکی هیدفۆنەکە ٦ گرمە. لەکاتی گوێگرتندا دەنگە دەنگی دەرەوە ناهێڵێت، جگە لەوەش چاودێری تەندروستی و جوڵەی بەکارهێنەر دەکات وەك، لێدانی دڵ، مەودای ڕۆیشتوو، ڕێژەی کالۆری سووتێندراو. گەرچی ئەوانە تایبەتن بە دەستبەندە هۆشمەندەکان. ڕەنگی سپی و شین و ڕەشی هەیە.



## پاڵاوتنی هەوای ژینگەی دەوروبەر

چەند ساڵێکە ئامێری پاڵاوتنی ژینگەی دەوروبەر بە سایز و قەوارەی جیاجیاوە کەوتوونەتە دەستی بەکارهێنەران، هەرکام کارایی و توانایی خۆیان هەیە، ئامێری (wynd)یش یەکێکە لەو ئامێرانە. کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و کۆنترۆڵ دەکرێت و زانیاری سەبارەت بە چۆنییەتی هەوای ژینگەی دەوروبەر دەزانرێت، ئامێرەکە بە قەد بتڵێکی بچووکی ئاو دەبێت. بەهۆی ئەو هەستەوەرانەی تێیدایە چۆنییەتی هەوای ژینگە وەك (گەردیلەی گوڵ و گیا، تۆز و خۆڵ و دووکەڵ) هەڵدەسەنگێنێ، زانیارییەکان لە ڕێگای مۆبایلێکەوە بە بەکارهێنەر دەگات. ئەگەر فیلتەرەکەشی تەواو بوو ئامێرەکە ئۆتۆماتیکی پەیام بۆ ناوەندی فرۆشیارییەکەی دەنێرێ و ئەوان خۆیان دێن دایدەنێن.





## ڕووداوەکانی جیهان بە شێوەی ئامار لەم سایتەدا

سایت گەلێکی زۆر هەن کە بە سوود وەرگرتن لە نموونەی جۆراوجۆر لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی ئامار و ژمارە زانیاری گرنگ بڵاودەکەنەوە. سایتی worldometers یەکێکە لەم سایتە گرنگانە سەبارەت بە هەموو شتێك داتا و ئاماری خۆی هەیە، وەك ڕێژەی دانیشتوان، ئابووری، ڕاگەیاندن، ژینگە، خۆراك، ئاو و وزە و تەندروستی...تاد.

گەر حەز دەکەی بزانی ڕۆژانە لە جیهاندا چەند کەس لەدایك دەبن و دەمرن، چەند ئۆتۆمبیل و مۆبایل دروست دەکرێن یان چەد ئیمێل بەڕێ دەکرێن و چەند دار دەبڕدرێنەوە....تاد سەر لەم سایتە بدە...



## تەرازوویەکی دیجیتالی گرنگتر لەوەی بیری لێدەکەیەوە

تەرازوی تایبەت بە پێوانی کێش جیایە لەو تەرازوانەی تایبەتن بە کەلوپەل کێشان، تەرازوی تایبەت بە پێوانی کێش لەم چەند ساڵەدا گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هات، لە تەرازوویەکی ئاسایی بوو بەتەرازویەکی دیجیتالی و لەوەش زیاتر بوو بە تەرازووی هۆشمەند و سمارت و چەند ئەرکە...

کۆمپانیای نۆکیا و کۆمپانیا withings جۆرێك لە تەرازووی دیجیتالیان بەناوی body Cardio بەرهەم هێناوە کە چەندین ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدات. تەرازووەکە کێشان ئەرکی سەرەکییەتی، دواتر پێت دەڵێت جەستەت لە چەند شت پێکهاتووە، وەك چەندی ئاوە، چەندی گۆشتە، پەیکەربەندی ئیسکت چۆنە. لێدانی دڵت چەندە و زەختت چەندە. تەرازووەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و زانیارییەکان لە ڕێگای پرۆگرامێکەوە شیدەکرێنەوە و بەکارهێنەر نە تەنیا دەزانی کێشی چەندە بەڵکو دەزانێ چ نەخۆشیەکیشی هەیە. تەرازووەکە لە ساڵێکدا تەنیا یەکجار پێویستی بە شەحنکردنەوە هەیە.



## جزدانەکەت قەت ون نابێت

زۆر لە ئێمەمانان جزدانی پارەمان بزر کردووە، ئەوەی گرنگ پارەکە نەبووە بەڵکو زۆر شتی گرنگی تێدابووە وەك هەویە و کارتی زانیاری و بەڵگەی گرنگی دیکە بە یەکجاری لەدەست چوونە.. لە وڵاتی ئێمەدا هێشتاش کارتی بانکی نییە... ئەگینا لە وڵاتانی پێشکەوتوو تەنانەت وڵاتانی دەوروبەرمان زۆرلەمێژە پارە لە جزدان ناخرێ و بەڵکو کارتی بانکی هەیە.

بۆ ڕێگاچارەی جزدان بزر کردن، ئامێرێکی بچووك هەیە بەناوی (ڤالی) بە جزدانەکە هەڵدەواسرێ و پاشان بەهۆی پرۆگرامێکەوە کەلەسەر مۆبایل داندراوە هەرکاتێك جزدانەکەت تەنیا ٢٠ مەتر لەخۆت دوور کەوتەوە مۆبایلەکە دەست بە جەرەس لێدان دەکات. ئەدی ئەگەر مۆبایلەکەتان بزر کرد چ دەکەن.. ئەوکات دست بە جزدانەکە دابێنە لە مەودای ٣٠ کیلۆمەتر مۆبایلەکەت دەست بە جەرەس لێدان دەکات..